# پایزێك له‌ ده‌رگاده‌دا

عومه‌ر كه‌ریم به‌رزنجی

ئه‌وه‌ ڕاسته‌: ئێمه‌ ژیانمان خۆش ده‌وێ، نه‌ك له‌به‌رئه‌وه‌ی كه‌ خوومان به‌ژیان گرتووه‌
به‌ڵكو له‌به‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ خوومان به‌خۆشه‌ویستی گرتووه‌. ...فریدریك نیتشه‌

-١-

سوتانی باڵی نه‌وره‌سه‌كان
گه‌واهی مێژووی برین و
چاڵه‌ سیاهه‌كانی دۆزه‌خه‌.
ئه‌ی دڵ" له‌م وێرانه‌یه‌دا
به‌شوێن بۆنی كام گوڵه‌دا وێڵی
چیمه‌نی ژوانه‌كان...
بۆنی خوێنیانیان لێدێ.

-٢-

ژوانی ئه‌م عیشق و ئه‌وینه‌
له‌ لیباسی خوێناوی یوسفێك ده‌چێ
دوای كڕنوشی ئه‌ستێره‌كان بۆ مانگ
ئاسمان وه‌ك فاڵچی‌یه‌كی فاشیل
قاوه‌ی بۆ حوزنێك گرته‌وه‌
مانگیان كوشت.
له‌م ده‌ربه‌ندی نائومێدییه‌دا ئه‌ی قه‌ده‌ر
چ خه‌ونێك بوو
پاسه‌وانه‌كانی به‌رده‌م باخچه‌كانی خۆشبه‌ختی
ڕێگای چوونه‌ ژووره‌وه‌یان لێگرتین.

-٣-

هێشتا فرمێسكه‌كانی منداڵیمان نه‌سڕیبۆوه‌
گڕكانی جێپێكانی قابیل
به‌رماڵی ژێرپێی عیسایان سووتاند.

www.kurdistannet.org كوردستان نێت

نەمان توانی...

ئایەتەکانی خۆشبەختی ئەزبەرکەین.

ئەی مەنسور" لەژێر پەلکی سەرووەکاندا

تەرمی ئەوهەموو گوڵانە حەشار نادرێن.

ئەی مەنسور" قەدەری ئەم بوونە

لە ورگی ناهەنگێك دەچێ.

لێرەدا ئومێد تروسکایی مۆمێکە

لە شەوێکی ئەنگوستە چاودا.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت